# "پارتی و سەرۆکەکەی هەست بە مەترسی لەدەستدانی سەرۆکایەتی دەکەن"

ئەم دەقەی بەردەست دیمانەی ڕۆژنامەی (*ئاوێنە*)یە کە لە لایەن (ئاری ئەبوبەکر)ەوە لە ڕۆژی ٢٠١٣/٤/١٩ لەگەڵ *بورهان ا.یاسین* ئەنجام دراوە، بەڵام بە کەم و کورتی زۆرەوە لە ڕۆژنامەکەدا لە بەرواری ٢٠١٣/٤/٢٣ (ل١ و ٤) بڵاوکراوەتەوە.

-----------------------------------

- لە ئێستادا وەزعی سیاسی کوردستان بە گشتی چۆن دەبینیت؟

* وەڵامی ئەم پرسیارە دەکەوێتە سەر ئەوەی مەبەستت لە وەزع یا ڕاستتر بڵێین بارودۆخ چیە. بە گشتی ئەگەر مەبەست پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدایە ئەوا لەم ڕەهەندەی سیاسەتەوە مرۆڤ دەتوانێ بڵێ کە ئەو پەڕی قەیراناوییە و لە ڕووی دەرفەتی سیاسیشەوە من باوەڕم وایە کە هەرێمی کوردستان ڕێك لە پێگەیەکی چەقبەستووی سیاسیدا خۆی دەبینێتەوە. بەم مانایەش نە بواری چونە پێشەوەیەکی جددی لەبەردەمدایە (بە مانای جێبەجێکردنی دەستوور و بەدەستهێنانی کۆمەڵێك ئامانجی گرنگ و چارەسەری کۆمەڵێك پرسی چارەنووسسازی هەڵپەسێردراو و دواخراو) وە نەش پەشێمانبوونەوەیەکی جددیش لە تەواوی پرۆسەی سیاسی و گرتنەبەری بژاردەیەکی تر، بۆ نموونە بژاردەی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی، بەدی دەکرێت. لە ڕاستیدا مرۆڤ دەتوانێ بڵێ، هەر وەک لە گوتارێکمدا بەر لە چەند مانگێك نووسیم، دەسەڵاتی کوردی لە باشوری کوردستان لە پێگەیەکدایە کە نە دەتوانێ شەڕێکی سەرکەوتوو لەگەڵ بەغدادا بکات وە نەش دەتوانێ بگات بە ئاشتیەکی سەرکەوتوو. حاڵەتی کوردی لە باشوری کوردستان زیاتر لە هی فەلەستینیەکان دەچێت بە مانای سەرکەوتنی ئیسرائیل لە ئاشتی ئۆسلۆدا (١٩٩٣ و ١٩٩٥) لەوەی کە مەسەلە و داواکاریە هەرە گرنگەکانی فەلەستینیەکان بۆ کاتێکی نادیار دوابخات. لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین کە لایەنی عەرەبی، هەروەك ئیسرائیلییەکان، سەرکەوتو بوو لە دواخستنی چارەسەری مەسەلە هەرە بنچینەیی و چارەنووسسازەکان. بەم مانایەش دەتوانین بڵێین کە تەواوی کێشەی کورد لە باشوری کوردستان بە بارمتە گیراوە لە ڕێگای دواخستنی چارەسەرکردنی ئەو کێشانە بۆ کاتێکی نادیار.

بەڵام لە ڕەهەندی ناوەخۆدا باشوری کوردستان خەریکە بەرە و گۆڕانکاریەکی بنەڕەتی دەڕوا. یا بە ڕوونتر بڵێم، دەرکەوتنی ئۆپۆزیسیۆنێکی کارا و جۆشوخرۆشی شەقام و بگرە ئەو جۆشوخرۆشەی کە ریزەکانی ناوەوەی یەکێتی نیشتیمانی دوای مام جەلال بە خۆیەوە دەبینێ وە هەروەها ئەو تەنگەژە جددییەی کە پەیوەندیەکانی پارتی و یەکێتی بە خۆیەوە دەبینێ، ئەمانە هەموویان بە یەکەوە خەریکە باشووری کوردستان، بە تایبەتی لە ڕەهەندی دەسەڵاتی سیاسیەوە، پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێوە. وە هەر لەم سۆنگەیەوە واتە گرێدراو بەو هەموو ڕەهەندانەی گۆڕانکارییەوە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو دەکرێ لە زۆر ڕووەوە تایبەت بن وە بگرە ناوازەش دەبن!

لە ڕووی ئیقلیمیەوە یەکجار گرنگە پەیوەندیەکانی باشوری کوردستان و تورکیا پارێزراو بن، بەڵکو دەبێ بەردەوام بەرەوپێشەوەچوون و گۆڕانکاری ئەرێنی بەخۆوە ببینن. هەر لێرەش دەخوازم

مەترسییێکی خۆم کە لە وتارێکی پێشترمدا دەرمبڕیبوو جارێکی تر بخەمەوە روو لەوەی کە باشوری کوردستان دەبێ زۆر حسێب بۆ ئەگەری ئاساییبوونەوەی پەیوەندییەکانی ئەنقەرە و بەغدا (لەسەر حسێبی کورد) بکات. لە راستیدا من لە سیناریۆیێکی ئەوهادا ئەوە دەبینم کە نەک تەنها کورد لە باشور بەڵکو لە باکوریش زیانێکی سیاسی زۆری پێبگات.
ئەوەی کە بە تایبەتی جێگەی نیگەرانییە ئەوەیە کە لایەنێکی دەسەڵات، واتە پارتی، بە تەواوەتی مۆنۆپۆڵی پەیوەندییەکانی باشوری کوردستان و تورکیای کردوە. بەم مانایەش لە جیاتی ئەوەی تەواوی کورد وە ئەزموونەکەی لە باشوری کوردستان سوود لەو نەفەسە سیاسییە کە لەگەڵ تورکیا لە ئارادایە ببینێ، دەڵێم لە جیاتی ئەوە لایەنێکی سیاسی دەسەڵات (واتە) ئەو نەفەسەی داگیرکردوە و لە قازانج و بەرژەوەندی خۆی بەکاری دەبات.

**- لە ماوەی ڕابردوودا ئۆپەراسیۆنەکانی دیجلە یەکیک بوو لە تەنگەژە سیاسییە و تا ڕادەیەک سەربازییەکانی نێوان حکومەتی مەرکەزی لە عیراق و هەرێمی کوردستان، کەچی هەر زوو دەنگوباسی ئەم تەنگەژەیە نەما، بەڕای تۆ هۆکارەکانی چی بوو هەر لە دروست بوون و کپبونیشیدا؟**
* بە باوەڕی من کاردانەوە بەرامبەر ئۆپەراسیۆنەکانی دیجلە و کپبوونەوە و بێدەنگبوونی تەنگەژەکە دەکرێ بە زۆر شێوە و لە زۆر ئاستی تێگەیشتنی سیاسی و ستراتیژیدا ببینرێ و راڤە بکرێ. بە باوەڕی خۆم ناردنی هێزەکانی عیراق بەرەو کوردستان جا لە ژێر هەر ناو و بیانویەك دەبێت رێك تەنگپێهەڵچنینە بە کورد و دەسەڵاتەکەی وە لە رەهەندێکی نەبینراوی یا باسنەکراوی کێشەکەش ئەوە دەگەیەنێ کە عیراقی عەرەبی دەخوازێ ئەوە بە کورد بڵێ کە سنوورەکانی ئێوە هەر لەو سنوورە ئیداریانەی ٢٠٠٣/٣/٢٠دا تەواو دەبێ، کە بە پێی دەستوور پێزانینی بۆ کراوە. بە دیوێکی تردا دەخوازرێ بە کورد بگوترێ *کە ناوچە کوردستانیە دابڕێنراوەکان لە بیر بکەن*.
تێگەیشتنێکی تر بۆ ئۆپەراسیۆنەکانی دجلە ئەوەیە کە ئیتر کورد و بەغدا گەیشتوونەتە ***بنبەست***؛ لە راستیدا نەک هەر ئەوە بەڵکو تۆی بنبەست لە ناواخنی دەستوری عیراقیدا چێنراوە، هەروەک چۆن تۆی بنبەست لە نێوان فەلەستینییەکان و ئیسرائیل لە رێکەوتنی ئۆسلۆدا چێندرا. مەبەستیش لێرە ئەو بەند و لایەنانەی دەستورە کە لایەنە عەرەبیەکان بە گشتی لەسەر جێبەجێنەکردنی کۆکن، جا هەندێکیان بە ئاشکرا ئەو هەڵوێستە دەردەبڕن وە هەندێکیشیان هەڵگری ئەو هەڵوێستەن بەڵام دەربڕینی راشکاوانە و ئاشکرایان بۆ کات و ساتێکی لەبارتری سیاسی هەڵگرتووە!
بە دیوێکی تردا وە بە پێی ئەو تیورییەی کە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە سیاسەتی دەرەوە بەردەوام دەربڕ و درێژکردنەوەی سیاسەتی ناوەوەیە، دەکرێ بە ئاسانی ئەوە بڵێین کە لەبەر ئەوەی دەسەڵاتی کوردی لە رەهەند و دیوی ناوەوەی سیستەمی سیاسیدا ئەوپەڕی ناسەرکەوتووبووە لەبەر ئەوەش و بە پێی ئەم لۆژیکە لە سیاسەتی دەرەوەیدا سەرکەوتوو بێت. کاردانەوەی دەسەڵاتی کوردی زیاتر شپرزەیی و بێبەرنامەیی و پەرچەکردارییی پێوەدیارە، لەسەر بنەمای بەکاربردنێکی ناعاقڵانەی هەستونەست هەڵوێستەکانی بیناکرد. هەر ئەوەشە دەکرێ هۆیەك بێت بۆ کپبوونەوەی ئەم تەنگەژەیە بەو شێوەیی کە بینیمان.
لە لایەکی ترەوە دەکرێ مرۆڤ لە گرێدانی ئەو تەنگەژەیە بە مێتۆدێکی کلاسیکی پەیرەوکراو، زۆرتر لە جیهانی سێهەم، بە مانای نانەوەی تەنگەژە لە پێناو پتەوکردنی پێگەکانی دەسەڵات، کە لە راستیدا خەریکە هەموو بژاردە سیاسییە راست و دروستەکان لە دەست دەدات. . . لە بەشێک لە ئاماژەکانی رۆژانی دواییشدا ئەوە دەردەکەوێ کە دەسەڵاتی کوردی بە تایبەتی سەرۆکی هەرێم بەرەو ئەوە دەڕۆن کە پەیوەندییەکان لەگەڵ مالکی، ***بە هەر نرخێک بێت***، سروشتی بکرێنەوە وەك هەنگاوێك بۆ خۆ

ئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنەکان. . . بۆ سەرکەوتنی مەسعود بارزانی لە هەڵبژاردنی داهاتوو، گرنگە هەرنەبێ پشتگیری بەغدا و ئێران بەدەست بێت!

**- لە ئیستادا هیچ هەماهەنگییەك نییە لە نێوان حکومەتی مەرکەزی و حکومەتی هەرێمدا، بە تایبەتی کە کێشەکان لەسەر ٤ ملیارد دۆلاری کۆمپانیا نەوتییەکانن، بەشێك لە بەرپرسانی کوردیش هەڕەشەی ئەوە دەکەن، ئەگەر بەغداد مل نەدات بۆ چارەسەر، ئەوا سەربەخۆیی و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی کوردی یەکێکە لە بژارەکان، ئایا پێتوایە کورد دەوڵەت ڕادەگەیەنێت بەم زوانە؟ یاخود کێشەکان دەگەنە چارەسەر لەگەڵ بەغداد دا؟**

* لە کۆتایی پرسیارەکەتەوە دەست پێدەکەم. دەوڵەتی کوردی بەم زوانە بە ئەگەری یەکجار زۆر راناگەیێنرێ وە واش باشترە سەرانی کورد بە موناسەبە و بێ موناسەبە مەسەلەی دەوڵەتی کوردی هەر وا بە ئاسانی نەورووژێنن. لەوەش گرنگتر لە ڕێگەی گرێدانی ئەو مەسەلە ستراتیژی و هەستیار و گرنگە بە هەندێ مەسەلەی لاوەکیەوە (وەکو پارەی کۆمپانیاکانی نەوت) ئەم بابەتە گرنگە سوکو بێبەها نەکرێ. ئەگەر ئێمە لە پرۆسەیەکی ئەوهای بێبەهاکردنی مەسەلەی دەوڵەتی کوردی بەردەوام بین ئەوا دەکرێ لە مەودایەکی دورتردا نە خەڵکی کوردستان خۆی، نە عیراقی عەرەبی و نە کۆمەڵگەی نێونەتەوەییش چیتر ئەو باس و خواسە بە جددی و بە هەند وەرنەگرن وە ئەگەر ئەمەش روو بدات ئەوا دەکرێ لە ئاکامدا باسوخواس و مەسەلەی بە دەوڵەتبوون و سەربەخۆیی گرنگی خۆی لەدەست بدات و ئەو سەرکردە و هێزانەی ئەو باسەش دەکەن متمانەی خۆیان لەو ئاستانەی سیاسەتەوە لەدەست بدەن! خۆشم لە زۆر بۆنەی پێشتر گوتوومە و نووسیومە کە کەمترین رادەی راستگۆیی لە باسوخواسەکانی دەسەڵاتدارانی باشوری کوردستان لە مەڕ مەسەلەی سەربەخۆیی بەدیدەکرێت، ئەمەش لەبەر هۆیەکی زۆر سادە ئەویش ئەو راستییەیە کە لە ڕێگەی دەسەڵاتێکی گەندەڵ و ناسەرکەوتووەوە زۆر لە بنەما سەرکیەکانی بە نەتەوەبوون و بەدەوڵەتبوون لەبەر یەکتر هەڵوەشێندراونەتەوە. . . بێ متمانەیی خەڵکی کوردستان بە دەسەڵاتداران و سیستەمی سیاسی گەیشتۆتە لوتکە وە هۆکارەکانیش بۆ ئەم حاڵەتە لە هەژمار نایەن کە زووربەیان ئەمڕۆ لە کوردستان بۆ خەڵکی شتێکی شاراوە نین.

**- سەرۆکی هەرێم ٩/٢١ ی وەک ڕۆژی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمانی دیاریکرد، بەڕای تۆ هەڵبژاردنەکان لەو وادەیەدا دەکرێت، وە ئایا هەڵبژاردنی ئەو تەوقیتە هۆکارەکەی چییە؟**

* ئەمە پرسیارێکی زۆر ئیفترازیە وە لە بەر ئەوەش دەبێ وەڵامەکەی ئیفترازی بێت. لەم سونگەیەوە لە ئەمڕۆوە تا چەند کاتژمێرێکیش بەر لە دەستپێکردنی دەنگدان، دەکرێ دەسەڵات دەست بۆ هەر سیناریۆیەك ببات. هەر لەبەر ئەوەشە کە دەبێ ئۆپۆزیسیۆن بیر لە هەموو سیناریۆکان بکاتەوە و هەنگاو و هەڵوێستی لەبار و پڕ بە پێستیشی لەبەر دەستدا بێت بۆ بڕیار و هەلسوکەوتی موناسب لە کاتی پێویستدا. سیناریۆیەك کە باسی لێوەدەکرێت ئەوەیە کە دەسەڵات سود لەو چەند ڕۆژە وەرگرێ کە دەکەونە نێوان ٨ی سیپتێمبەر و ٢١ی سێپتێمبەر، واتە ڕۆژی کۆتاییهاتنی رەسمی ماوەی پەرلەمان تا ڕۆژی هەڵبژاردن. بە مانایەکی تر ئەگەری ئەوەی دەسەڵات هەوڵ بدات سوود لە بۆشایی دەسەڵات وەربگرێ لە ماوەی ئەو ١٤ ڕۆژەدا. بەڵام بە باوەڕی خۆم لە بەرژەوەندی دەسەڵاتدایە کە نە دەست بۆ سیناریۆی دەرەوەی چوارچێوە یاسایی و دەستورییەکان ببات وە نەش هەوڵی ئەوە بدات کە لە یاسا بسوڕێتەوە و فێڵی لێبکات. من ئەم قسەیە لەسەر بنچینەی حەز یا لە سەر بنەمایەکی رووتی مۆراڵی ناکەم بەڵکو تەواو لەو باوەڕەدام کە ئەمڕۆ جیا لە ساڵانی پێشوو روانگەی سیاسی و هاوسەنگیە سیاسییەکان بە شێوەیەک گۆڕاون کە هەر سیناریۆیەکی فێڵکردن لە یاسا یا هەر سیناریۆیەك، کە بۆ نموونە بە مەبەستی نانەوەی ئاژاوە پیادەبکرێ، بە ئەگەری ئەکجار زۆر بە زیانی دەسەڵات خۆی

بشکێتەوە. ئەمڕۆ جگە لە بوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی کارا و بە چەند و چۆنیەکی بەهێزەوە، دەڵێم جگە لەوە بە ئەگەری زۆر لە ئاستی خوارەوەی سەرکردایەتی وە هەتتا بگرە لە ئاستی سەرکردایەتیشدا لە ناو یەکیەتی نیشتمانی کوردستان هەست بە بێزاریەکی زۆر لە سیناریۆکانی لایەنێکی دەسەڵات، واتە، لە سوڕانەوە و فێڵکردنی یاسایی دەکرێ. بەم مانایەش باشتر وایە هەر زوو پارتی ئەوە بزانێ کە لە هەر سیناریۆیەکی نەخوازراو بە ئەگەری زۆر بە تەنیا دەمێنێتەوە، واتە دەستیان بۆ نەبات باشترە و لە بڕی دەستبردن بۆ هەندێ سیناریۆی نەخوازراو لەگەڵ ئەو قەناعەتە کار بکات کە ئیتر ڕوانگەی سیاسی و هاوسەنگیە سیاسیەکان بە شێوەیەک گۆڕاون کە ئیتر لە بڕی ئینکارکردنی ئەم ڕاستییە بە بۆچونێکی کەمێ نوێتر و واقیعبینانەتر کاریان لەتەکدا بکات. بەڵام ئەمە گوتنی ئاسانترە لە کردنی، چونکە بۆ حیزبێك ئەو نوێبوونەوەیە ئاسان نیە کە ئەسیری مێژوویێکی کات بەسەردا چووبێت و لەسەر مێژوو و لە وەهمی مێژوودا بژیێت!

**بە تەقدیری خۆم بۆ یەکەم جارە پارتی و سەرۆکەکەی هەست بە مەترسیەکی جددی لە لەدەستدانی پێگەی سەرۆکایەتی دەکەن...**

**- لە ئیستادا مشتومڕێکی سیاسی گەرم هەیە لە هەرێمی کوردستان لە پەیوەند بە هەڵبژاردنەکانەوە، بە تایبەتی کە ئایا کاك مەسعود سێبارە خۆی کاندید دەکاتەوە یان نا، ئایا پێتوایە کاك مەسعود خۆی کاندید دەکاتەوە؟ بۆچی؟**

* ئەم مشتومڕانە جێگەی خۆیەتی کە هەن وە دەکرێن، لە ڕاستیدا زۆریش گرنگن هەروەها ئاماژەیەکیشن بۆ جۆرێك لە زیندوویی کۆمەڵگەی کوردستان، یا هەر نەبێ هێمایەکن بۆ ئەو ڕاستییەی کە ئیتر چیتر کۆمەڵگای کوردستان ڕازی نابێت هەندێ شتی بەسەردا تێبپەڕیندرێت کە جێگەی قەبووڵکردن نین. بە باوەڕی خۆم سەرکردایەتی پارتی و یەکێتی هەر زوو هەڵەیەکی گەورەیان کرد کە ئەسلەن داوای درێژکردنەوەی کاتی فەرمانڕەوایی مەسعود بارزانیان کرد؛ یا بە دیوێکی تردا هەوڵیاندا کە بە فێڵێکی یاسایی ئۆپۆزیسیۆن ڕازیبکەن کە مەسعود بارزانی بۆ ماوەیەکی تر لە پۆستەکەی بمێنێتەوە یا مافی خۆکاندیدکردنەوەی بۆ جاری سێهەم بۆ پۆستی سەرۆکایەتی هەرێم هەبێ. ئەوەشی پارتی چاوەڕوانی نەدەکرد ئەو کاردانەوەیە بوو نەك هەر لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن بەڵکو لە حزبەکەی تری هاوپەیمان، واتە لە ناو ریزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، هەتتا بگرە لە ئاستی سەرکردایەتی ئەو حزبەش. چیرۆکی ئەم ڕۆژانەی دوایی ئەوەمان پێدەڵێ کە نەك هەر بۆ مەسعود بارزانی ئاسان نیە یاسایەکی "نایاسایی" بەسەر خەڵکی کوردستان تێبپەڕێنێ، بەڵکو بگرە ئەو هەوڵانەشی لەو دوو هەفتەی دوایی لەم ئاراستەیەدا داویەتی بگرە بۆ خودی هەردوو حزبەکەی دەسەڵات زیانبەخش بووە.

لە لایەکی ترەوە لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنیشەوە، پەیوەست بەم باسوخواسانە، هەرنەبێ دوو هەڵە کرا. یەکێکیان ئەوەیە کە ئەو جۆرە داواکاریانە کە لە لای دەسەڵاتەوە لێیان دەکرێ دەبێ بە دۆکومێنت و نووسراوی ڕەسمی بێت وە ئەوەی تریان داواکاریەکە لە خودی مەسعود بارزانیەوە بێت. بە تایبەتیش پێویست نەبوو گۆڕان لە ئاستی کەسی یەکەم (نەوشیروان مستەفا)وە لەگەڵ شاندەکەی پارتی و یەکێتی دانیشتایە، هەتتا بگرە بۆ کۆمەڵ و یەکگرتووش باشتربوو لە ئاستی تری بەرپرسیەوە پێشوازی لەو شاندەی دەسەڵات بکرایە. موفارەقە (پەرادۆکس) ئەوەیە کە هەندێ جار شێوازی هەڵسوکەوتی ئۆپۆزیسیۆن خۆی دەبێتە هۆی خۆبەزلزانی دەسەڵات، کە ئەو خۆ بەزلزانیەیەش ڕێگرە لەوەی ئەو دەسەڵاتە ڕوانگە سیاسیەکان وەك هەن ببینێت وە بە دروستی قەوارەی خۆی و قەوارەی ئەوانی تر وەك

هەن بزانێ. ئەم حاڵەتەش (واتە خۆ بە زلزانی دەسەڵات) تەوەهومێکی سیاسی زیانبەخش بەرهەمدەهێنێ. خزمەتێکی گەورە کە ئۆپۆزیسیۆن بتوانێ بە خەڵکی کوردستانی بکات کارکردنە بۆ تێکشکاندنی ئەو تەوەهومە!
لە کۆتایی پرسیارەکەتدا دەڵێیت بۆچی؟ لە راستیدا جارێ خەڵك غەدر دەکات باس لەوە دەکات کە مەسعود بارزانی ٨ ساڵ حوکمی کوردستانی کردوە، وا باشترە بڵێن ئەوە ٢١ ساڵی رەبەقە حوکم دەکات. راستە کە دوو هەڵبژاردنی دوایی دەکاتە ٨ ساڵ بەڵام هەر لە ساڵی ١٩٩٢ مەسعود بارزانی دەستنیشان کرا، تۆ بڵێ هەڵبژێردرا، وەک سەرۆکی "بزاڤی ئازادیخوازی کوردستان" وە بە کردار کەسی هەرە باڵادەست لە دەسەڵاتی کوردیدا. لە راستیدا لە هەر وڵاتێکی تر بوایە مەسعود بارزانی وەك گوناهباری شەڕ تەماشا دەکرا و مامەڵەی لەتەکدا دەکرا تا هەر شێکی تر!
ئایا خۆی هەڵدەبژێرێتەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئاسان نیە. ئەوەی تا ئێستا روویداوە ئەوەیە کە ئەو (واتە بارزانی) هەموو هەوڵێکی خۆی داوە و دەدات بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، بەڵام ئایا ئەوەی بۆ دەچێتە سەر، ئەوە پرسیارێکی گرنگە. من باوەڕم وایە هەر زوو مەسعود بارزانی باجێکی سیاسی زۆری هەوڵی درێژکردنەوەی دەسەڵاتی خۆی داوە وە تا کاتی هەڵبژاردن ئەو باجە زێدەتر و زێدەتر دەبێت وە لەوانەشە ئەو باجە لە حاڵەتی بەردەوامی و درێژبوونەوەیدا زەربەیەکی جددی لە دەرفەتی بارزانی لە سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنەکان بدات. بە تەقدیری خۆم بۆ یەکەم جارە پارتی و سەرۆکەکەی هەست بە مەترسیەکی جددی لە لەدەستدانی پێگەی سەرۆکایەتی دەکەن وە لەوانەشە زوو یا درەنگ بگەنە ئەو باوەڕەی کە بۆ ئەوان باشتر بوو بۆ ئەوەی دواڕۆژی ئەوان باشتر بێت بە شێوەیەکی تر هەڵسوکەوتیان لەگەل کۆی شتەکاندا بکردایە.
پارتی هەر بۆخۆشی باشترە ئەوە بزانێ کە ئەوەی لە بیست، پانزە یا دە ساڵ بەر لە ئێستا بۆیان چووە سەر، ئیتر بۆیان ناچێتە سەر. . . بەو مانەیەش هەر وەك پەندێکی سویدی دەڵێت "ناتوانرێ میلی کاتژمێر بگەڕێندرێتەوە دواوە"!

**- لە ئێستادا پارتی خەریکی ڕاوێژی یاسایین بۆ ئەوەی بۆیان دەربکەوێت کە لە ڕوی یاساییەوە سەرۆکی هەرێم دەتوانێت بۆ جاری سێیەم خۆی کاندیدبکاتەوە، ئایا پێتوایە یاساییە کە سەرۆکی هەرێم سێبارە خۆی کاندیدکاتەوە؟؟ لە کاتێکدا دەستور پەسەند نەکراوە و کار بە یاسای سەرۆکایەتی هەرێم دەکرێت کە بە پێی ماددەکانی (2 و17) لە یاسای ژمارە (1)ی سەرۆکایەتی هەرێم، سەرۆکی هەرێم مافی نیە بۆ جاری سێیەم خۆی هەڵبژێرێتەوە؟**
* من یاساناس نیم، بەڵام دەشزانم ئەمرۆ لە وڵاتی ئێمە خەڵکانێك هەن ئامادەن بە ناوی یاسا و لە پێگەی یاساناسیەوە پێ لە زەمیری خۆیان بنێن و راستی شتەکان بشێوێنن و شێوە تەفسیرێك بکەن لە "یاسا" کە دواجار خزمەتی خۆکاندیدکردنەوەی مەسعود بارزانی بکات. بەڵام بە باوەڕی خۆم لە کاتی پەیرەوکردنی هەنگاوێکی ئەوها ئەگەری ئەوە زۆر بە هێزە کە ناڕەزاییەکی جەماوەری زۆری لێبکەوێتەوە و قەوارەی خۆپیشاندانەکانی پێشوتر ببەزێنێ. جگە لەوەش ئەو هەنگاوە زیانێکی زۆر بە متمانەی خەڵک بە مەسعود بارزانی دەگەیێنێ و بگرە دەرفەتی کاندیدەکەی ئۆپۆزیسیۆن لە سەرکەوتن زۆر زێدە دەکات. ئەوە جگە لەوەی هەنگاوێکی ئەوها دەبێتە هۆی دروستبوونی سەرهەڵدان و ناڕەزاییەکی زۆر لە ناو ریزەکانی حیزبی هاوپەیمان (یەکێتی نێشتمانی کوردستان) کە لە غیابی مام جەلالدا بە خودی سەرکردایەتیەکەشی کۆنترۆڵنەکرێ وە ببێتە هەڕەشەیەکی جددی لەسەر دواڕۆژی ئەو حزبە!

**- یەکێتی دەڵێت، کاک مەسعود کاندیدی ئێمەشە، ئەمە تاچەند تەریبە لەگەڵ ڕێککەوتننامەکەی دەباشانی نێوان گۆران و یەکێتی کە کەسی یەکەمی هەردوولا واژۆیان لەسەر کردوە؟**

* لەوانەیە مەبەستت لە وشەی تەریب یەکانگیر بێت! ئەگەر ئەوەش وابێت دەتوانم بڵێم نەخێر یەکانگیر نیە. بە هەر حاڵ گرنگە ئەوە بزانین کە ڕێکەوتنی دەباشان، تا ئەو جێگایەی پەیوەندی بە بڕیارەکانی یەکێتیەوە هەیەوە، بەرهەمی سیاسەتی مام جەلال بوو وە لە دوای ئەو شتەکان گۆڕانیان بەسەردا هات. لە ڕاستیدا هەتا هاوپەیمانیە سیتراتیژیەکە کە هەر مام جەلال خۆی ئەندازیاری سەرەکی بوو ئەویش گۆڕانکاری بەسەردا هات. لە هەردوو حاڵەتەکەدا وەکو دیارە یەکێتی دوای مام جەلال، واتە یەکێتی بەبێ ئەو، پەراوێزی سیاسەتکردنی زێتر بووە، ئەمەش موفارەقەیەکی گەورەی سیاسەتە. بەڵام گرنگ ئەوەیە ئایا یەکێتیەکەی دوای مام جەلال ئەو پەراوێزە لە سیاسەتکردن چۆن بەکار دەبات و سوودی لێوەردەگرێ وە چ جۆرە سیاسەتێکی لەسەر دەکا: بۆ تێرکردنی چاوبرسێتی هەندێک لە سەرکردەکانی یا لە پێناو چاکسازی بنەڕەتی، کە من خۆم هی دووەمیان بە دوور دەزانم!

**- پێتوایە لە ئێستادا یەکێتی لەبەرامبەر ڕیککەوتننامەی ستراتیژی نێوان یەکێتی و پارتی و ڕیکەوتننامەی دەباشانی نێوان یەکێتی و گۆڕان، کام ڕیککەوتنەیان ستراتیژییەو کامیان تەکتیکییە؟؟ بۆچی؟؟**

* لەوەی کە تا ئێستا لێی گەیشتبم، لەم بارەیەوە، یەکێتی دەخوازێ هەردووکیان ڕاگرێ، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا دەتوانێ ئەوە بکات. لەوانەیە بتوانێ، لە باشترین حاڵەتدا، ئەوە تا ڕۆژی دوای ڕۆژی هەڵبژاردن، بەڵام لەو ڕۆژە بە دواوە ئاسان نابێت.
بەڵام پرسیارێکی گرنگ ئەوەیە ئایا یەکێتی بۆ هەوڵ دەدات هاوسەنگی لە نێوان ڕێکەوتنی دەباشان لە لایەك وە هاوپەیمانی ستراتیژی لە لایەکی تر ڕاگرێ؟ دەکرێ مرۆڤ باس لە دوو هۆی سەرەکی بکات: ١) یەکێتی بە بەراورد لەگەڵ پێگەی گۆڕان و پارتی لە پێگەیەکی لاوازدایە وە لە ڕێگەی بەکاربردنی کارتی پەیوەندیەکان ***لەگەڵ یا بەرامبەر*** ئەو دوو هێزە، یا حاڵەتی هەستیاری هاوسەنگی نێوان ئەو دوو هێزە، لە خزمەت پێگەی خۆیدا بەکار بهێنێت؛ ٢) لە ناو ڕیزەکانی یەکێتیدا، لە لایەکەوە ئەوانە هەن کە دڵیان بۆ ڕێکەوتنی دەباشان لێدەدات وە ئەوانەش هەن کە دڵیان بۆ هاوپەیمانی لەگەڵ پارتی لێدەدات. هەر لەبەر ئەوەش یەکێتی پێویستی بە ڕاگرتنی هەردوکیانە. .
لە لایەکی ترەوە لەوانەیە لە بەرژەوەندی گۆڕان نەبێت کە مەسەلەی دەباشان ئەوها بە نیو زیندو و نیو مردوو لێبگەڕێت وە یا ئەو مەسەلەیە بۆ شەڕە تەفسیر لێبگەڕێ. . . تا ئەو جێگەیەی پەیوەندی بە یەکێتیەوە هەیە، دوور نیە یاریکردن لە بازنە هەستیارەکەی هاوسەنگی هێز لە نێوان ڕێکەوتنی دەباشان و هاوپەیمانی ستراتیژی هەموو شتێك لەدەست بدات بەپێی ئەو پەندە عەرەبیەی کە دەڵێت ئەوەی هەموو شتی بوێت هەموو شت دەدۆڕێنێ (من أراد کل شئ، خسر کل شئ)!
تا ئەو جێگایەی پەیوەندی بە گۆڕانەوە هەیە گرنگە ئەو بزاڤە هێمای دروست بدات بە یەکێتی، بەو مانایەی کە ڕێکەوتنی دەباشان تا ئەبەد بە کراوەیی نامێنێتەوە و گۆڕان بەوە ڕازی نابێت کە ئەو ڕێکەوتنە تەنها کارتێکی یاریکردنی دانوستاندنی سیاسی بێت لە دەستی یەکێتیدا تا لە هەر جێگە و پێگەیەك بۆی بگونجێ یاری پێبکات! ئەو شێوەیەی کە خۆم لە ڕێکەوتنی دەباشان گەیشتبم بە ئەگەری یەکجار زۆر مەبەستی سەرەکی مام جەلال لەو ڕێکەوتنە بەهێزکردنی پێگەی یەکێتی بوو بەرامبەر بە پارتی، بە تایبەتی کاتێك یەکێتی هەستی بە لاوازی دەکرد و پێویستی بە کارتێك هەبوو بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو نەنگی و ناهاوهەسنگیە کە دەمێك بوو هاوپەیمانیە ستراتیژیەکەی پارتی و یەکێتی تووشی هاتبوو، لە ڕاستیدا هەر لە ٢٠٠٩/٧/٢٥وە.

**یەکێتیش لە قەیرانی دوای مام جەلالدا دەژیت وە ئەوەی ئەو قەیرانەی زۆر قووڵتر کردۆتەوە ئەوەیە کە یەکێتی بە تەواوەتی بە عەقلیەتێکی کلاسیکی سۆڤیەتی مامەڵەی لەگەڵ ئەو قەیرانەدا کردوە. یەکێتی ئێستاش لە وەهم و چاوەڕوانی گەڕانەوەی مام جەلالدایە.**

- مام جەلال لە کوێی هاوکێشە سیاسییەکانی ئیستای کوردستاندایە لە پەیوەند بە هەڵبژاردنەکان و کاندیدی سەرۆکی هەرێمەوە؟

* بە هەموو تەقدیرێك وە بە ئەگەری یەکجار زۆر زەمەنی مام جەلال و کاریگەری مام جەلال بەسەر مەسەلە سیاسیە چارەنووسسازەکاندا بەسەر چووە. یەکێتیش لە قەیرانی دوای مام جەلالدا دەژیت وە ئەوەی ئەو قەیرانەی زۆر قووڵتر کردۆتەوە ئەوەیە کە یەکێتی بە تەواوەتی بە عەقلیەتێکی کلاسیکی سۆڤیەتی مامەڵەی لەگەڵ ئەو قەیرانەدا کردوە. یەکێتی ئێستاش لە وەهم و چاوەڕوانی گەڕانەوەی مام جەلال بۆ تەندروستیەکی تەواو و ڕۆڵێکی کاریگەر لە سیاسەتدا چ لە ئاستی یەکێتیدا، لە ئاستی باشووری کوردستان و عیراقدا دەژی.

بە بڕوای خۆم یەکێتی هەڵەیەکی گەورە دەکات ئەگەر هەموو کارتە سیاسیەکانی بخاتە خزمەت مەسەلەی بەدەستهێنانی پێگەی سەرۆککۆماری وە لەم پێناوەشدا تەنازولی زیاتر بۆ پارتی بکات. یەکێتی لە ڕابردوودا باجی ئەو سیاسەتەی داوە، بەڵام لەبەردەوامیدا وە بەبێ مام جەلال قەوارەی ئەم باجە گەورەتر و بگرە ترسناکتریش دەبێت بۆ ئەم حزبە. بە لەبەرچاوگرتنی دوو ئەگەریش، لە دەرەوەی فاکتەرەکانی ناو خودی یەکێتی و فاکتەرە کوردستانیەکان، باش وایە یەکێتی دوو شتی گرنگ بخاتە حسێبەوە: ١) بە ئەگەری زۆر عیراق بەرەو قەبرکردنی پرەنسیپی سازان (توافق) دەڕوات، چونکە ئەم پرەنسیپە نە لە دەستوور وە نە لە هیچ بەڵگەنامە و پەیمانێکی گرنگدا نەچەسپاوە وە لە حاڵەتی گۆڕانکاری لە هاوسەنگیە سیاسییەکاندا بە ئەگەری زۆر ئەو پرەنسیپە بچێتە مێژووەوە و ببێتە بەشێك لە ڕابردوو؛ ٢) بە ئەگەری زۆر عیراق بەرە و ***فەرمانڕەوایی زۆرینە*** دەڕوات وە لەبەر ئەم هۆیەش، ئەگەری هەرە بەهێز ئەوەیە کە کورد ئەسلەن ئەو پێگەیە (واتە پێگەی سەرۆککۆماری) لەدەست بدات. کورتیەکەی، لەوەدەچێ باشترین بژاردە بۆ یەکێتی ئەوە بێت کە چیتر حسێب لەسەر پێگەی سەرۆککۆماری نەکات بەڵام ئەگەر نا، ترسی جددی هەیە لەوەی بەغداش لەدەست بدات وە لە کوردستانیش بە هۆی پشگیریکردن لە هەڵبژاردنەوەی مەسعود بارزانی ئەوەی هەیەتی (لە کوردستان) لەدەستی بدات!

**گرنگە ئۆپۆزیسیۆن. لە بری ئەوەی بکەوێتە دوودڵیەوە کە ئایا ئەمە دووفاقی سیاسییە یان نا. لەو باوەڕەوە کاندیدی خۆی بەشداری پێبکات کە بەڵێ ئەگەر هات و ئۆپۆزیسیۆن پێگەی سەرۆکایەتی هەرێمی بەدەستهێنا ئەوا ئەو کات لە پێگەیەکی زۆر بە هێزەوە لە دەسەڵاتی جێبەجێکردندا دەتوانێ نەک هەر کار بۆ چاکسازی بنەڕەتی بکات. بەڵکو ڕێک و ڕاست هەر ئەو پێگەی سەرۆکایەتییە بەکار بنات و سوودی لێوەربگرێ بۆ گۆڕینی سیستەمی سیاسی لە باشووری کوردستان لە سەرۆکایەتی بۆ پەرلەمانی.**

- پێتوایە ئۆپۆزسیۆن کاندیدی هەبێت بۆ سەرکایەتی هەرێم، لە کاتێکدا کە داوای سیستەمی پەرلەمانی دەکەن؟ ئەمە نابێتە دووفاقی سیاسی ئۆپۆزسیۆن ئەگەر کاندیدیان هەبێت؟ پێتوایە کێ کاندیدی ئۆپۆزسیۆن دەبێت؟

* باوەڕم وایە ئاماژەكان بەرەو ئەوە دەچن كە ئۆپۆزیسیۆن بژاردە و كاندیدی خۆی هەبێت بۆ هەڵبژاردن وە بە باوەڕی خۆم لە كاتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنێكی بێگەرد (هەتا بگرە بە فرتوفێڵێكی كەمیشەوە لە لایەن دەسەڵات)، بەڵام بە بوونی كاندیدێكی بەهێزی ئۆپۆزیسیۆن، ئەگەری زۆرە ئەو كاندیدە بباتەوە. كۆمەڵێك بەهانە هەن بۆ ئەو بۆچوونە كە لێرەدا دەرفەتی قسەكردن دەربارەیان نیە. لە بژاردەیەكی ئەوهادا گرنگە كە كاندیدی ئۆپۆزیسیۆن ڕەنگدانەوەی هەرە فراوانی پانتایی سیاسی و ئادیۆلۆژی بێت لە ڕوانگەی پێدراوە كۆمەڵایەتی و سیاسییەكانی ئەمڕۆی باشووری كوردستان.

بە باوەڕی خۆم نەك هەر دووفاقی نیە كە ئۆپۆزیسیۆن كاندیدی خۆی هەبێ، بەڵكو زۆر پێویستە لەسەر بنچینەی تێگەیشتن و بەهانەیەكی تر كاندیدی خۆی، بەبێ دوودڵی، بخاتە ناو گەمەی هەڵبژاردنەوە. گرنگە ئۆپۆزیسیۆن، لە بری ئەوەی بكەوێتە دوودڵیەوە كە ئایا ئەمە دووفاقی سیاسییە یان نا، لەو باوەڕەوە كاندیدی خۆی بەشداری پێبكات كە بەڵێ ئەگەر هات و ئۆپۆزیسیۆن پێگەی سەرۆكایەتی هەرێمی بەدەستهێنا ئەوا ئەو كاتە لە پێگەیەكی زۆر بە هێزەوە لە دەسەڵاتی جێبەجێكردندا دەتوانێ نەك هەر كار بۆ چاكسازی بنەڕەتی بكات بەڵكو ڕێك و ڕاست هەر ئەو پێگەی سەرۆكایەتییە بەكار ببات و سوودی لێوەربگرێ بۆ گۆڕینی سیستەمی سیاسی لە باشووری كوردستان لە سەرۆكایەتی بۆ پەرلەمانی، كە ئەمەش یەكێك لە مەبەستە سەرەكی و ستراتیژیەكانی ئۆپۆزیسیۆن بووە.

**دەبێ ئەو حزبە و بارزانی ئەو بەراوردانە بە جددی وەرگرن كە ئەمڕۆ لە میدیاكانی كوردستان دەكرێن لە نێوان مەسعود بارزانی و ئەو دكتاتۆرانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باكوری ئەفریقیا.**

**- لە ئەگەری سێبارە خۆكاندیدكردنەوەی كاك مەسعود دا، پێتوایە ئۆپۆزسیۆن هەڵوێستی چی دەبێت، یان بەڕای تۆ پێویستە هەڵوێستیان چی بێت؟**

* بە رای خۆم جارێ پێویستە ئۆپۆزیسیۆن لە پەیوەندییە دیپلۆماسییەكانیدا بەردەوام لایەنە پەیوەندیدارەكان، بەتایبەتی نەتەوە یەكگرتووەكان و وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا، لە هەموو ئەگەرەكان ئاگادار بكاتەوە وە ئەو مەترسیانەش بە راشكاوی بەردەوام بگەیێنێ كە لە حاڵەتێكی ئەوهادا دێنە پێشێ. من پێشتریش ئاماژەم بەوەدا كە ئەگەری پەرینەوەی ئەم بارودۆخە بۆ نارەزاییەتی جەماوەری بەرفراوان كراوەیە و *دەكرێ بڵێم بەهێزیشە*. لە لایەكی ترەوە گرنگە هەر زوو پارتی ئەوە بزانێ كە پێداگری لە هەڵبژاردنەوەی مەسعود بارزانی وە لەوەش خەراپتر دەستبردن بۆ هەندێ فرتوفێڵی یاسایی، یا سوڕانەوە لە یاسا، زیان بە خودی پارتی و مەسعود بارزانی دەگەیێنێ. دەبێ ئەو حزبە و بارزانی ئەو بەراوردانە بە جددی وەرگرن كە ئەمڕۆ لە میدیاكانی كوردستان دەكرێن لە نێوان مەسعود بارزانی و ئەو دكتاتۆرانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باكوری ئەفریقیا و شوێنی تر كە دەستكاری دەستووریان كردوە لە پێناو مانەوەیان لە سەر كورسی فەرمانڕەوایی دیكتاتۆری!

**دەمێكە كاتی سەركردەی تاك و سەركردەی زەرورەتی مێژوویی بەسەرچووە.**

**- بەشێك لە هاووڵاتیان پێیانوایە لە ئیستادا كاك مەسعود تاكە كاندید و تاكە زامنی ئەوەیە كە بتوانێت سەرۆكایەتی هەرێم بكات، بە تایبەت كە تا ئیستا كێشەكانی نێوان هەرێم و بەغداد بە هەڵواسراوی ماونەتەوە، ئایا ناكرێت لەبەر بەرژەوەندی نەتەوەیی سێبارە كاك مەسعود هەڵبژێرینەوە و جیاوازییەكانمان وەلاوە نێین؟ بۆچی؟**

* جارێ من باوەڕم وانیە مەسعود بارزانی لەو پێگەیەی کە لێیەتی بەو رادەیە خزمەتی بە تەواوی نەتەوەی کردبێ. دەمێکە کاتی سەرکردەی تاك و سەرکردەی زەرورەتی مێژوویی بەسەرچووە. لەوەش زیاتر بە باوەڕی خۆم ئەوە رێك بچووکردنەوەی نەتەوەی کوردە کاتێك خەڵکانێك ئەو باوەڕە دەخەنە روو کە بەڵێ تەنها مەسعود بارزانی دەتوانێ شایستەی ئەو بەرپرسیارەتیە بێت کە پێگەی سەرۆکایەتی هەرێمە. خەڵکی کوردستان پڕیەتی لە خەڵکی شایستە کە دەتوانێ خزمەتێکی زۆر زیاتر بەو خەڵکە بکات لەو پێگە و بەرپرسیارەتی سەرۆکایەتی هەرێمەوە.
لە مەسەلەی پەیوەندی کوردستان و بەغدا من باوەڕم وایە مانەوەی بارزانی مەترسیە لەسەر ئەو پەیوەندیانە. بە بوونی ئەو لە لوتکەی دەسەلات نەك هەر ئەو پەیوەندییانە بەرەو باشتر نەڕۆن بەڵکو خەرابتریش ببن. بارزانی لەو پێگەیەوە، بە پێی ئەوەی بەشێک لە ململانێکان بە شەخسەنە کراوە لە نێوان ئەو و مالکیدا، بووەتە بارگرانی بەسەر ئەو پەیوەندییانەوە...

***بە باوەڕی خۆم ئەوە رێک بچووکردنەوەی نەتەوەی کوردە کاتێک خەڵکانێک ئەو باوەڕە دەخەنە روو کە بەڵێ تەنها مەسعود بارزانی دەتوانێ شایستەی ئەو بەرپرسیارەتیە بێت کە پێگەی سەرۆکایەتی هەرێمە.***

**- لە ئیستادا ئۆپۆزیسیۆن خەریکی گفتوگۆن بۆ کاندیدکردنی کەسێك بۆ سەرۆکایەتی هەرێم، دەنگۆیەکیش هەیە کە پەیوەندیان بە تۆوە کردبێت بۆ ئەوەی ببیتە کاندیدی ئۆپۆزیسیۆن بۆ سەرۆکایەتی هەرێم، ئایا هیچ شتێك لەو بارەیەوە هەیە؟**
* نەخێر، هیچ شتێك لەو بارەیەوە نییە و من ئاگاداری هیچ شتێك نیم و لە لایەن هیچ کەس و لایەنێکەوە ئاگاداری هیچ شتێکی لەو شێوەیە نەکراومەتەوە.